## هێزی کار و بزنسە بچووکەکان لە عێراق

لە عێراق کە ڕێژەی هەژاری وڵات دەگاتە ٥٠ لەسەد لە هەندێک لە پارێزگاکان و ڕێژەی بێکاریش لە دەوروبەری لە ١٥% خۆی دەبینێتەوە، کار و بزنسی بچووک و مامناوەند پێکهاتەیەکی سەرەکی گەشەسەندنی ئابورین.

شەڕ و ململانێی چەند ساڵە زۆرێک لە خێزانەکانی تووشی دۆخێکی سەخت و دژوار کردووە، بارگرانی دارایی مەترسی لەسەر ئاسایشی خۆراک تێکڕای و خۆشگوزەرانی دروستکردووە.

ساڵیحە، دانیشتووێکی شاری موسڵە و بەشداربووی پرۆگرامی هاوکاری بژێوی ژیان پەیداکردنی تاک (ILA)-ە، کە ئەم پرۆگرامە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچبەران (IOM) لە عێراق بەڕێوەدەبرێت و جێبەجێدەکرێت، باسی ئەزموونی خۆی دەکات و دەڵێت: "کات هەبووە ئەگەر نانی نیوەڕۆمان بخواردایە، بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ نانی ئێوارەمان نەبوو بیخۆین".



وێنەی ساڵیحە ئیبراهیم: سەعد مەریوانی @ IOM ٢٠٢٤

ساڵیحە وەک زۆرێک لە ژنانی عێراقەکە بەهۆی شەڕ و ململانێی داعشەوە هەژار کەوتوون. بەهۆی ئەوەی لە کاتی شەڕی داعشدا هاوسەر و کوڕەکەی لەدەستداوە، ئێستا خۆی بەرپرسیارە لە بەخێوکردنی تەواوی خێزانەکەی، بە خێزانی کوڕەکەشیەوە.

ساڵیحە لە بەشداربووانی دیکەوە دەربارەی پرۆگرامی هاوکاری بژێوی ژیان پەیداکردنی تاک (ILA)-ی ڕێکخراوی IOM زانی و بڕیاریدا داواکاری پێشکەش بکات. ئامانجی پرۆگرامەکە تەیارکردنی بەشداربووان بە لێهاتووی پێویست و هاوکاری دارایی سنوورداریان پێشکەش دەکات بۆ دانان و دەستپێکردن یان فراوانکردنی کار و بزنس و کار و چالاکییەکانی دیکەی پەیداکردنی داهات، باشترکردنی بژێوی ژیانی جێگیر.

دوای بەشداریکردنی لە ڕاهێنانەکانی کاروکاسبی بژێوی ژیان سەبارەت بە چۆنیەتی دانان و دەستپێکردن و پەرەپێدان و بەڕێوەبردنی کار و بزنسێک، ساڵیحە دوکانێکی بچووکی لە گەڕەکەکەی خۆی دانا لە موسڵ. ئەم دوکانە ئێستا پێداویستییەکانی خۆی و خێزانەکەی دابیندەکات، یارمەتیان دەدات لە سەختییەکانی ڕابردوو دەربازیان بێت. هەروەها ناوبراو بەشداری لە

دانیشتنەکانی تەندروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی (MHPSS) کرد، کە یارمەتی دا لە ئیدارەدانی کێشەکانی ڕابردوو و بنیاتنانی خۆڕاگری. چیرۆکی ساڵیحە یەکێکە لەو ٢٠ هەزار چیرۆکانەی دیکەی سەرکەوتنی عێراقییە خاوەن ئیرادەکان کە لە ساڵی ٢٠١٨ەوە لە ڕێگەی پرۆگرامی هاوکاری بژێوی ژیان پەیداکردنی تاک (ILA)-ەوە پاڵنەری دانان و دەستپێکردنی کار و بزنسیان وەرگرتووە لە سەرانسەری عێراق دا.




وێنەی ناو دوکانی ساڵیحە: سەعد مەریوانی @ IOM ٢٠٢٤

بەهەمان شێوە، زیکرا خەڵکی موسڵ لە کاتی شەڕ و پێکدادانەکاندا هاوسەرەکەی لەدەستدا و ڕووبەڕووی زەحمەتی و ئاستەنگی دارایی قورس بۆوە. بەهۆی ئەو هەژارییە دژوارەی کە ڕوویتێکرد، زیکرا ناچار بوو بۆ ماوەیەکی زۆر لە دوکانێکی ئەو شوێنە دا کار بکات و مووچەیەکی ئەوپەڕی کەمی پێدەدرا. هەر لەم ماوەیەدا بوو کە ناوبراو بۆ یەکەمجار ناوی خۆی لە پرۆگرامی ڕێبازی دەرچوون لە هەژاری (GA)ی ڕێکخراوی IOM تۆمار کرد.



وێنەی زیکرا موتار: سەعد مەریوانی @ IOM ٢٠٢٤

پرۆگرامی ڕێبازی دەرچوون لە هەژاری (GA)ی  ڕێکخراوی IOM بەرنامەیەکی ڕێکخراو و کات دیاریکراوە کە تایبەتە بە چارەسەرکردنی فرەڕەهەندی هەژاری و کەمدەرامەتی چەند لایەنە. بۆ یارمەتیدانی کەسانی وەک زیکرا لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەژارییەکی سەخت و دژوار و بنیاتنانی کار و کاسبی بژێوییەکی جێگیر، ئەم پرۆگرامە لەسەر بنەمای چوار پایە و ستوون، پاڵپشتییەکی گشتگیر دابیندەکات: باشترکردنی کاروکاسبی بژێوی، گرتنەخۆی دارایی، پاراستنی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی کۆمەڵایەتی.




هێڵکاری ١: مەودا و بواری پرۆگرامی ڕێبازی دەرچوون لە هەژاری (GA)

پرۆگرامی ڕێبازی دەرچوون لە هەژاری (GA) وەرچەرخانێکی لە ژیانی زیکرا دا دورستکرد. بە یارمەتی بەکارهێنانی هاوکارییە داراییەکەی پرۆگرامی ڕێبازی دەرچوون لە هەژاری، ناوبراو پێداویستییە سەرەتاییەکانی خێزانەکەی دابینکرد، توانی بیر و سەرنجی بخاتە لەسەر فێربوونی لێهاتووی نوێ بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی خۆڕاگرتر. بە خۆتەیارکردن بە ڕوونکردنەوە و تێڕوانینەکانی ناو خول و ڕاهێنانە جۆراجۆرەکانی ڕۆشنبیرکردنی دارایی و پرۆگرامی کاروکاسبی بژێوی، زیکرا توانی لێهاتووی و شارەزایی تەواو و پێویست بۆ دانانی کار و بزنسی خۆی بەدەست بهێنێت. هەروەها ناوبراو بەشداری لە دانیشتنە ڕووبەڕووەکانی تەندروستی دەروونی و پاڵپشتی دەروونی-کۆمەڵایەتی (MHPSS) ڕاوێژکاری تاکەکەسی کرد بۆ باشترکردنی تەندروستی دەروونی و عەقڵی خۆی. بەدرێژایی ماوەی گەشتە یەک ساڵیەکەی لەگەڵ پرۆگرامی ڕێبازی دەرچوون لە هەژاری (GA)، زیکرا ڕێنمایی بەردەوامی لە ڕێگەی دانیشتنە تاکە کەسییەکانی ڕاهێنان پێدانی مانگانە و سەرپەرشتیکردنی کار و بزنس وەرگرتووە.

زیکرا دەڵێت: "زۆر شتم لە بنەماکانی بزنسەکە دەزانی، بەڵام کارکردن لەگەڵ ڕاهێنەرەکە یارمەتیدام شارەزایی و لێهاتووی لە بواری نوێدا بنیات بنێم."

دوای ساڵێک لە بەشداریکردن، زیکرا هاوکاری دارایی پاڵپشتیکردنی کار و بزنسی وەرگرت کە وایکرد ناوبراو بتوانێت کارگەی دروستکردنی شیرینی خۆی لە ماڵەوە دابنێت. ئێستا شیرینی جۆراوجۆر دروست دەکات، شیرینی بە دوکانە ناوخۆییەکانی ئەو شوێنە دەفرۆشێت و خواردن بۆ بۆنە و ئاهەنگەکانی وەک ئاهەنگی لەدایکبوون و ئاهەنگی هاوسەرگیری دابیندەکات.



وێنەی دوکانی شیرینی زیکرا: سەعد مەریوانی @ IOM ٢٠٢٤

هەروەها دەکرێت گەشەپێدان و بوژانەوەی ئابوری لە ئاستێکی بەرزتردا چارەسەر بکرێت بە پاڵپشتیکردن لە فراوانکردنی کار و بزنسە بچووک و مامناوەندەکان (SMEs).

ئەندازیاری پێشوو، مەڕوە، گەنجێکی خاوەنکاری خەڵکی بەغدایە، کارێکی داهێنەرانە و تازەگەرانە بەڕێوەدەبات کە پاشماوەی خۆراک دەکاتە پیتمۆز و ماددەی بەهێزکەر بۆ نەمامگە ڕووەکییەکان لە سەرانسەری عێراق دا. بۆ فراوانکردنی کارە دۆستی ژینگەکەی و باشترکردنی ئاستی جێگیریەتی کارەکەی، ناوبراو بەمەبەستی ڕەخساندنی هەلی کار و فراوانکردنی کار و بزنسەکەی، داواکاری بۆ سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی دۆستی ژینگە (EDF-Green)-ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پێشکەشکرد.



وێنەی مەڕوە ڕائید: سەعد مەریوانی @ IOM ٢٠٢٤

مەڕوە بە متمانەوە دەڵێت: "ئەوە بەفیڕۆدانی خۆراک نییە؛ ئەوە بە فیڕۆدانی شتێکی بەهادار و بەنرخە." بەو هاوکارییە داراییەی کە وەریگرت، مەڕوە بەنیازە کارەکەی فراوانتر بکات و چوار هەلی کاری نویٚ بڕەخسێنێت و ئاودێری ئەو نەمامگە ڕووەکییەی کە بەم دواییە کردوویەتییەوە باشتر بکات و پاکێجینگەکەی فراوانتر بکات.

پڕۆگرامەکانی دیکەی چوارچێوە سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان (EDF) بریتین لە سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژە کشتوکاڵییەکان (EDF-A)، سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژە کلتوورییەکان (EDF-C)، سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکانی خانمان (EDF-W)، و سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژە تازەگەرییەکان (EDF-I) بەم شێوەیە، سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان پاڵشتی لە کار و بزنسەکان دەکات لە بوارە جیاوازەکاندا و، یارمەتی ڕەخساندنی هەلی کار زیاتر دەدات، بۆ دڵنیابوون لە دەستکەوتنی داهاتێکی جێگیر و بنیاتنانی ئابوورییەکی بەهێزتر و خۆڕاگرتر.

لە ساڵی ٢٠١٨ەوە، سندوقی گەشەپێدانی پڕۆژەکان (EDF) پاڵپشتی زیاتر لە ٢٦٠٠ کار و بزنس و پڕۆژەی کردووە لە سەرانسەری عێراق، لە ئەنجامدا نزیکەی ١٢ هەزار هەلی کاری تازەی ڕەخساندووە و نزیکەی ١٤ هەزار هەلی کاری پێشووتریشی باشتر کردووە. سەرەڕای ئەوەش، پڕۆگرامی سندوقی EDF بە کۆی گشتی پاڵپشتی زیاتر لە 600 کار و بزنسی خانمان و زیاتر لە 4,100 ژن کردووە لە سەرانسەری کەرتە جیاوازەکانی ١٥ پارێزگادا. ئەم پاڵشتیکردنەی خانمانیش بریتیبووە لە ڕەخساندنی زیاتر لە ٢٣٠٠ هەلی کار و باشترکردنی زیاتر لە ١٨٠٠ هەلی کاری کە پێشووتر هەبوون.

لەسەر ئاستی هەموو قۆناغە جیاوازەکانی ڕەخساندنی هەلی کار و دانان و دەستپێکردن کار و بزنسێکی بچووک و لە پشت هەموو دەرفەتێکی کارەوە، چیرۆکێک هەیە کە خێزانێک هەنگاو بەرەو سەقامگیری دارایی و دەستەبەرکردنی خۆراک دەنێت بۆ پەروەردەکردن و بەخێوکردنی منداڵەکانیان. زۆرێک لە عێراقییەکان ڕووبەڕووی زەحمەتی دارایی دەبنەوە، کۆشش بۆ دۆزینەوەی کارێکی داهاتدار دەکەن. بەڵام دەکرێت ئەمە بە هەبوونی پاڵپشتی و ڕێبازی دروست چارەسەر بکرێت.

**زانیاری دیکە:**
**(پەیامی بابەتیی ڕۆژی کار و بزنسە زۆر بچووک و بچووک و مامناوەندەکان)**

**بەکارهێنانی هێز و خۆڕاگری-ی کار و بزنسە زۆر بچووک و بچووک و مامناوەندەکان (MSMEs) بۆ خێراکردنی گەشەپێدانی جێگیر و بنبڕکردنی هەژاری لە کاتە قەیراناوییەکان دا.**

ڕێژەی بێکاری لەسەر ئاستی وڵات گەیشتۆتە ٣١.٧ لە سەدا و لە هەندێک پارێزگاش دا گەیشتۆتە زیاتر لە سەدا ٥٠. لینک

ڕێژەکانی بێکاری، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار (ILO)
https://data.worldbank.org/indicator/SL.UEM.TOTL.ZS?locations=IQ